نەچیرڤان بارزانی و ئەمینداری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران تاوتوێی هەماهەنگی ئەمنی نێوان عێراق و ئێرانیان کرد

لە دڕژەی بەرنامەی سەردانە فەرمییەکەیدا بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئیوارەی ئەمڕۆ دووشەممە، نەچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری، لەگەڵ عەلی ئەکبەر ئەحمەدیان، ئەمینداری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، کۆبوونەوە.

نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەراگەیەندراوێکدا باڵاویکردەوە" لە کۆبوونەوەکەدا دەربارەی دۆخی ئەمنی و هاریکاری و هەماهەنگیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیری، مەترسییەکانی ئەمنییەکانی ناوچەکە و کاریگەری و لێکەوتەکانیان، بیروڕایان گۆڕییەوە.

هەردوولا جەختیان لە هاریکاریی هاوبەش و هەماهەنگیی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەردوو وڵات لەپێناو ئارامی و ئاسایشدا کردەوە و هاوڕا بوون لەسەر گرنگیی گرتن لە پەرەسەندنی ئاڵنگارییەکان و بەدوورگرتنی ناوچەکە لە پشێویی زیاتر.

لە کۆبوونەوەکەدا ئەحمەدیان بەردەوامیی پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ عێراق بە هەرێمی کورستانەوە دەربڕی، سەرۆك نەچیرڤان بارزانیش دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان وەك

هەمیشە فاکتەرەی ئارامی و سەقامگیری دەبێت لە ناوچەکەدا و بۆ هیچ لایەنێك نابێتە هەڕەشە.